**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆل وشێوەی ئافرەت لەتابلۆی مۆدێرنی کوردی دا

**بەهار ئەنوەر حیدر**

بەشی شێوەکاری ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

hansksherwani1@gmail.com

**پ.د. زیدان ڕەشید برادۆستی**

بەشی شوێنەوار ، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

zidan.bradostyzidan@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٣

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٣٠

بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

ڕۆل، شێوە، ئافرەت، تابلۆ، مۆدێرن

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.4.10

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە ناوی "ڕۆڵ و شێوەی ئافرەت لە تابلۆ مۆدێرنەکانی کوردیدا"یە. مەبەست لەم کارە ئەوەیە کە توانای هونەرمەندانی کورد پیشان بدات، بەتایبەت لە پیشاندانی جوانی شێوەی ئافرەت .

بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکەم، من تابلۆی هونەرمەندانی کوردم لێکداوەتەوە و شیکردۆتەوە. هەروەها سەیری ئەوەم کردووە چۆن بابەتەکان پەیوەندی بە ئافرەت و هونەرەوە هەیە، و فێربووم لەسەر ئەوەی ئافرەت چ ڕۆڵێکیان هەیە و چۆن دەکرێت لە تابلۆکاندا پیشان بدرێن.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتم بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1.هونەرمەندان لە تابلۆکانیاندا وێنەی ئافرەتانیان بە شێوەیەکی زۆر جوان و هونەری نیشانداوە. واتە: کارەکانیان لە ڕووی ڕۆل و هونەرەوە لە ئاستێکی بەرز بووە، بەتایبەت لە پیشاندانی وێنەی ئافرەتان .

2.-لەناو کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کوردستاندا، تایبەتمەندی و تواناکانی ئافرەتیان بە تەواوی نیشاندراوە، ئەمەش وایکردووە تابلۆکان زۆر جوان و پڕ واتان دەربکەون، هونەرمەندان توانا و خەسڵەتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرییەکانی ئافرەتیان لە تابلۆکاندا پیشانداوە، ئەمەش وایکردووە تابلۆکان زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بن.

3.-لە تابلۆی ژمارە (1)دا، هونەرمەند نەبەز بابان بە بۆیەی ئەکرلیك (acrylic) وێنەی ئافرەتێکی کێشاوە. جگە لە وێنەی ئافرەتەکە، چەند وێنە و نیشانەی تریشی لە تەنیشتدا کێشاوە کە بە فلچە و وردەکاری زۆر کاری لەسەر کردووە. نەبەز بابان بە شێوازێکی نوێی دەربڕین و بە ڕەنگی چڕ کارەکەی تەواو کردووە. مەبەستی هونەرمەند لەم تابلۆیە نیشاندانی جوانی ئافرەت و لە هەمان کاتدا ئاماژەکردن بووە بە ناخۆشی و ئازارەکانی کچان و ئافرەتانی ئێزیدی بە شێوازێکی تازە و ڕەنگی زۆر کێشاویەتی. دەیەوێت شێوەی ئافرەت نیشان بدات و لە هەمان کاتدا باس لە خەم و ئازارەکانی ئافرەتان و کچی ئێزیدی بکات.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕۆلی ئافرەت لە هونەر دا کاردەکات. ئافرەتەکان لە مێژوودا و ئێشکردنیان وکارە هونەرەکانیان  زۆر گرنگن. بەرزکردنەوەی هونەر و پەروەردەی ئافرەت دەتوانێت کلتوری کوردی بەرز بنرخێنن. ئەم توێژینەوەیە لەسەر چەند لایەنێکی پەیوەندیدارو گرنگە. ئامانجی ئەوەیە کە بەرزکردنەوەی ڕۆلی ئافرەت و جوانی شێوەی ئافرەت لە هونەری کوردی نیشان بدات. پەیوەندیداربە هونەر وئەو ئافرەتانەی کە لە کۆمەڵگا زۆر بەرز و گرینگن. هونەر کاریگەریە کی مەزنی هەیە لە ڕووی  پیشکەوتن وشارستانیە تی مرۆڤایەتی، لە ڕێی هونەرەوە مرۆڤ دەتوانی پێشکەوتنی گەل و  نەتەوە بەدەست بێنێت چونکە هونەر دەربرینێکە لە هەست وسۆز و ناخی تاکەکەس دایە  ئافرەت گرینگیەکی زۆری هەبووە لە مێژوودا  وێنەی ئافرەت لە کۆنەوە لەکارەهونەریەکاندا زۆر بەکاردەهات بە مەبەستی جیاواز ،هەرلە مێژوو تاکو ئێستا ئافرەت هەمیشە لێهاتوو بوێرو چاونەترس بووە، لەسەر دەمانێک ئافرەت وەکو سەرکردەیەک فەرمان ڕەوایەتی میرنیشنی کردووە زۆرترین بووژانەوەی لە ژیانی مرۆڤ دا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروست کردەوە لە ڕووی ئاوەدانی وئابووری ژیاندا، ئافرەت یەکەم کەس بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دروست کردنی شێوەی ئافرەت لە کاری هونەرمەنداندا گرینگیەکی ژیانە، ئافرەتیش دەرخستنی ئەم ژیانەیە هەروینەیەک لەلای هونەرمەندان مانا و تایبەتی خۆی هەیە کەوا ئافرەت دایکە ژیانە نیشتیمانە، هونەرمەند دەتوانی لەری کارە هونەریەکانە وەبایەخی زیاتر بەرۆلی ئافرەت بدات، ئافرەت هەمیشە هێزو توانەیەکی باشی هەبووە هەربۆیە توێژەرگرینگی بەوە بدات کەوائافرەتی کورد لە روانگەی هێزوتواناو تاقە و سەلیقە وە لە ڕووی پێشڕەوی کردنی زۆربەی جار ئافرەت پێشڕەوی کردوە بەلام لەناو کارە هونەریەکان دا نایبینم ئافرەت وەکو دایک هەمیشە پیرۆزە لە ڕووی پەروەردەکردن هەربۆیە لەپشت هەرپیاوێکی ئازاو لیهاتوو یاخود سەرکردە ئافرەتیک هەیە، تویژەر بەووردبونەوەی لەم کێشەیە بۆیە رۆلی ئافرەت لەسەرجەم بوارەکاندا هەبووە، لەوانە سیاسە ت و فە لسە فە و هۆنراوە و وێژە یی و بواری هونەر بەسەرجەم لقەکانیەوە، هەر لە سینە ما و شانۆ ومۆسیقاو هونەری شێوەکاریدا، ئەم ڕەنگدانەوەیە لە هونەری شێوەکاریدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت، شان بە شانی پیاوان کاریان کردووە، داواکردنی مافی ژنان و دروستکردنی سەکۆیەکی ئازاد بۆ ژنان لە نێو کایەکانی کۆمەڵگەدا، لە نێو هونەرمەندانی کوردستان دا ڕەگە زی ژن و پیاو بوونیان هەبوو.

## کێشەی توێژینەوە:

١- پێویستی هونەری کوردی مۆدێرن لە بواریشێوەو رۆلی ئافرەت . لێکۆڵینەوەی دەربارەوە بکرێت، لە ڕوویی تیۆریی و پراکتیکی لە کارەکاندا. ڕێژەی زۆر کەم لە کتێب، بە تایبەتی لە بواری هونەریشێوەورۆلی ئافرەت . لە هونەرمەندانی کوردی مۆدێرنداباڵاونەبوونەتەوە.

٢- خستنە ڕووی تایبەتمەندی کارە هونەرییەکان لە بواری شێوەو ڕۆلی ئافرەت لە کاری وێنەکێشانی کوردی مۆدێرندا .

٣-رۆلی ئافرەت لە کۆمەڵگا و مێژوودا پەیوەندیوکی بەرزە و زۆر گرنگن.

٤- هونەر لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و پەروەردەکردنی ئافرەتەکان کاریگەری زۆر هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەمترین گرینگیدان بە رۆل و شیوە و جوانی ئافرەت لە تابلۆی مۆدیرنی کوردیدا وای کردووە کەمتر ئەو سەنگ و قورسایە بە ئافرەت بدەن لە تابلۆی هونەریدا لە کۆمەلگای کوردیدا.

## ئامانجی توێژینەوە:

١- ئاشنابوون بە تەکنیکەکانی هونەری شێوەی ئافرەت لە کاری وێنەکێشانی کوردی مۆدێرندا
٢-بەرزکردنەوەی رۆلی ئافرەت لە هونەری کوردی.
٣- دەرخستنی بەهرەی هونەرمەندانی کورد بەتایبەت بەجوانی ڕول و شێوەی ئافرەت.

## گرینگی توێژینەوە:

١- خستنە رووی تایبەتمەندی کارە هونەرییەکان و شیکردنەوەیان لە بواری هونەری شێوەی ئافرەت لە کاری وێنەکێشانی کوردی مۆدێرندا .
٢- نووسینی توێژینەوە بە کوردی، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زمان و سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەکادیمی لەم بوارەدا.
٣-لەبەر ئەوەی ئەوانەی خولیای هونەرن تاوەکو بزانن رۆلی ئافرەت چەند گرینگە.

## سنوور:-

١-سنوری ناونیشان (ڕۆڵ وشێوەی ئافرەت لەنێوتابلۆی مۆدێرنی کوردیدا )
٢-سنوری کات –(٢٠٠٠-٢٠٢٤)
٣-سنوری شێوین –(هەولێر-دهۆک- سلێمانی-کەرکوک).

## پێناسەی زاراوەکان:

### یەکەم /شێوە

١-شێوە لەڕووی زمانەوانیەوە:

شێوە بە داگیرکردن، لێکچوون و نموونەیە، کۆکراوەی شێوەکانە (عمر، 2005: 11).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوە لە لۆژیکی فەرمیدا ئەو شێوەیە کە لێکچوونێک دەتوانێت بیگرێتەبەر بەپێی پێگەی زاراوەی ناوەڕاست لە دوو پێش مەرجەکەدا سێ چوار شێوەی لێکچوون هەیە و هەر فۆرمێک فۆرمی بەرهەمدار و نابەرهەمی هەیە (سلیمان، 2005: 17).

**٢-شێوە لەڕووی چەمکەوە:**

ڕووکەش و پەرژینێکی دەرەکی پێکهاتە هونەرییەکان، قەوارە و پێکهاتەی ناوەکییان بۆ خزمەتکردنی دەربڕین، و ئەرکی فۆرم بە پلەی یەکەم ڕاگەیاندنی ناوەرۆکی کارە هونەرییەکە بە شێوەیەک کە ڕوونکردنەوە و یارمەتیدەر بێت بۆ تیشک خستنە سەر هەستی ئێستێتیکی پارچەی ئەدەبی یان هونەری بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکانی ژیان و واقیعی هەست و هەستەکان. (عید، 178) جیرۆم ستۆلینتیز ڕایگەیاند کە شێوە بریتییە لە ڕێکخستنی توخمەکانی ناوەندە ماددییەکان، کە لە کارەکەدا هەن و بەدیهێنانی پەیوەندییە هاوبەشەکانیان، شێوە دەستەواژەیە کە ئاماژە بەو شێوازە دەکات کە ئەم توخمانە جێگەی خۆیان دەگرنەوە لە کاردا لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا، و ئەو ڕێگایەی کە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. (سلیمان، 2005: 17). " هێربێرت ڕید دەڵێت، "ئێمە شێوەیەک دەدۆزینەوە هەر کە جەستەیەک هەبێت، و کاتێک دوو بەش یان زیاتر پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ دروستکردنی شێوازێکی بینایی (رید، 1986، 51).

## دووەم /ئافرەت

### ئافرەت لەرووی زمانەوانی

وشەی "ئافرەت" لە زمانی کوردیدا بە واتای مرۆڤی مێینەی گەورە (پێگەیشتوو) دێت. هەروەها، ئەم وشەیە زۆر کات بە واتای "ژن"یش بەکاردێت. بۆ نموونە، ((کاتێک دەوترێت (ئەمە ئافرەتی فلان و فلانە)، واتە ئەمە "ژن"ەکەی ئەو کەسەیە، هەروەک چۆن دەوترێت کچ یان دایک ))(عومەر، 2005: 10).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئافرەت لەڕووی چەمکەوە**

لە چوارچێوەی ئەم زاراوەیەدا، ئاماژەیە بۆ مرۆڤی مێینەی پێگەیشتوو، و بەکاردێت بۆ دیاریکردنی ڕەگەز و نیشاندەری بایۆلۆژی کە بە گشتی ئافرەت لە پیاوان جیا دەکەنەوە، وەک توانای زاوزێ و خولگەی هۆرمۆنی مێینە. بەڵام دەستەواژەی "ئافرەت " درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە، بەو پێیەی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگاکاندا بە یاسا و نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییە باوەکان دیاری دەکرێت(خاڵ، ٢٠٠٥، ٥).

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەمکی ئافرەت لە ژێر کاریگەری ئایین و کولتوور و ئابووری و سیاسەتدایە، وا دەکات "ئافرەت" ببێتە زاراوەیەکی فرەڕەهەند کە هەموو شتێکی پەیوەست بەوەوە وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ و ئەندامێکی جەوهەری کۆمەڵگا کە کاریگەری لەسەر دروستبوون و گەشەسەندنی هەیە، لەخۆدەگرێت (عمر، 2005: 11).

## سێەم / پیناسەی مۆدیرنە

مۆدیرنە لەرووی زمانەوانی :هونەری مۆدێرن جۆرێکە لە هونەر کە لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٨٦٠ تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا، بەزۆری ئەم زاراوەیە پەیوەستە بەو هونەرەوە کە تێیدا نەریتە کۆنەکان وازیان لێهێنراوە ئەو هونەرەیە کە فۆرمەکانی نەریتی ڕەتکردەوە و سەرنجی لەسەر تاقیکردنەوەی تاکەکەسی و هەستیاری بوو (ئەحمەدی،٢٠٠٨،ل٣٥).

مۆدیرنە لەرووی چەمکەوە:

هونەری مۆدێرن ئەو هونەرەیە کە لە ماوەی بە نزیکەیی لە ساڵانی ١٨٦٠ تا ١٨٧٠ بەرهەم هێنراوە، و ئاماژەیە بۆ ئەو شێواز و فەلسەفانەی هونەر کە لەو سەردەمەدا بەرهەم هێنراون.

کە تیشک دەخاتە سەر جوانی هونەری مۆدێرن، جگە لە ڕەتکردنەوەی نەریتی نەخشەکان و بەها نەریتییەکان دەتوانین بڵێین هونەری مۆدێرن کاردانەوە یان وەڵامدانەوەی جیهانە بەرامبەر بەو پراکتیزە عەقڵانییانە و دیدگا نوێیەکان کە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییانەدا هاتوونەتە ئاراوە کە لە دوای سەردەمی پیشەسازییەوە هاتوون، کە وایکردووە کۆمەڵگا بە شێوازی نوێ و جیاوازتر لەوەی کە لە ڕابردوودا ناسرابوو، خۆی دەرببڕێت؛ کە هونەرمەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاردەکات بۆ پێشکەشکردن و نوێنەرایەتیکردنی ئەزموونەکانی لە مۆدێرنیتەدا و بەکارهێنانیان بۆ ڕێبازەکانی ژیان بە شێوازی نوێ و داهێنەرانە (مطر، ٢٠١٣: ٣٩).

قوتابخانەکانی هونەری مۆدێرن لە سەدەی بیستەمدا چین؟

•( ئیمپرێشنیزم.ڤۆڤیزم،کوبیزم،داهاتوو،دەربرین،ئادا،سوریالیزم،دەربرینی ئەبستراکت)

## تەوەری یەکەم

### یەکەم: مێژووی ئافرەت لە تابلۆی مۆدێرنە

مۆدێرنیزم ئاڕاستەکردنی هونەرە بۆ قۆناغێکی نوێی هونەر و دووبارە نەبوونەوەی هەمان ڕێچکە و تەکنیکی کۆن لە هونەردا. کە هەموو بزوتنەوەیەکی فەلسەفی و هونەری گرتەوە، ((مۆدێرنە لە هونەر بریتییە لە دابڕانی تەواو لە ڕابردوو، گەڕان بە دوای شێوەی نوێ بۆ دەربڕین، مۆدێرن قۆناغی سەرەتایی لە کۆتایی چەرخی نۆزدەم هەتاوەکو نیوەی چەرخی بیستەم دەرکەوت، بە تایبەت ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەو چەرخە بەوە ناسراو بوو پیشەسازی پێشکەوت و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەورە و خێرا ڕوویدا لە کۆمەڵگەدا (سلیمان، 2005: 17).

### 1- ئیمپرێشێنزم: (Impressionism portrait)

ئیمپرێشێنزم جەخت لە تێڕوانینی دەستبەجێی هونەرمەندێک دەکات بۆ ساتێک یان دیمەنێک، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕەنگدانەوەکەی بە لێدانی فڵچەی کورتکراوە بۆ دەرڕبڕینی درەوشانەوەی کەش وهەوا تەکنیکی مۆدێرنە لەگەڵ دیمەنە سروشتییەکان، تابلۆکانیان وەک بابەتی خۆیان بەکارهێنا بە خێرایی و ئازادانە وێنەیان کێشاوە ڕووناکی و جووڵەیان بە جۆرێک بەرهەم دەهێنا کە پێش خۆیان تاقی نەکرابوونەوە سەرەتایەکیش بوو بۆ سەرهەڵدانی ئێکسپرشێنزم. ((بەکارهێنانی زاراوەی ئیمپرشێنزمەکان لە لایەن ڕەخنەگرەوە بۆ ناونان وناساندنی ئەو هونەرە ناکاریگەرە بوو کە لە لایەن کۆمەڵێك نیگارکێشەوە لە ساڵی (١٨٧٤) لە پاریس خرایە ڕوو. ناوهێنانی زاراوەکەش بۆ سووکایەتیکردن بوو بەو هونەرە بیرۆکەی ئەم هونەرمەندە شۆڕشگێڕانە ودەستپێشخەرانە وئابڕووبەرانە بوو)). هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ((ساڵی ١٨٧٤ ساڵی کردنەوەی یەکەم پێشانگای ئیمپرێشێنزمەکان بوو، بەڵام تابلۆی ئیمپرێشێنزمەکان لەوەو پێش دروست بوو، کە ناپلیۆنی سێیەم وەکو پشتگیرییەک بۆ کاری هونەرمەندانی ئیمپرێشێنزمەکان ساڵۆنەکی دانا بە ناوی (ساڵۆنی ڕەتکراوەکان) دانانی ئەم ساڵۆنە سەرەتایەك بوو بۆ دروستبوونی مۆدێرنە لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا، هەروەها لە سروشت ڕوویان کردبووە دارستانەک بە ناوی (باربیزۆن)). لە سەردەمی خۆیاندا ئەم کارانە بە بێمانا و تەواونەکراو دەهاتنە بەرچاوی بینەر لەسەدەی نۆزدەیەم بەهۆی سەرهەڵدانی ئیمپرێشینزمەکان و دواتر بەرەو قۆناغی ئێکسپرشێنزم (گارا، 2005: 27).



وێنەی (1) کلود مۆنی: سالی: ١٨٧٥: ٨١X١٠٠ سم

تابلۆکە یەکێک بوو لە ١٨ بەرهەمی مۆنێت کە لە دووەم پێشانگای ئیمپرێشنیستی لە نیسانی ١٨٧٦، لە گەلەری پاوڵ دوراند-ڕوێل نمایشکرا. دوای دە ساڵ مۆنێت گەڕایەوە سەر بابەتێکی هاوشێوە، لە ساڵی ١٨٨٦دا دوو دیمەنی کێشا کە کچەکەی هاوسەری دووەمی، سۆزان مۆنێت، بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەترێکەوە لە جیڤێرنی، کە ئێستا لە مۆزەخانەی ئۆرسایدایە، نیشان دەدات. جۆن سینگەر سارجێنت لە ساڵی ١٨٧٦ لە پێشانگایەکدا تابلۆکەی بینی و دواتر ئیلهامێکی وەرگرت بۆ دروستکردنی تابلۆیەکی هاوشێوە، بە ناوی دوو کچ بە چەتر لە فلادبێری.(مەکتەبەی نور- مێژووی ئیمپرێشنیست)

هونەرمەندی فەرەنسی )ئێدگار دیگاسEdgar degas ١٨٣٤-١٩١٧) بە وێنەکێشانی تابلۆکانی ناسراوە لە شوێنەگشتیەکان یاخود چاوپێکەتنە تایبەتیەکان بە هەڵبژاردنی گۆشەی نامۆ و گران لە ژووردا، بۆ ئەوەی دووربکەوێتەوە لە شێوازی کۆپی و دووبارە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئیمرێشێنزم دادەنرێت. هەرچەندە دیگاس زیاتر ئارەزووی وێنەکێشانی سەمای دەکرد لە هۆڵەکاندا و لە ژێر ڕووناکی دەستکردا بە پێچەوانەی ئیمپرێشینزمەکان کە لە نێو سروشت کاریان دەکرد هەربۆیە دیگاس ئەو زاراوەی ڕەتدەکردەوە پێی باش بوو پێی بوترێت ڕیالیزم (خەیات و قادر، 2005: 48).

تایبەتمەندی تەکنیکی دیگاس بەکارهێنانی پاستیلە کە ڕواڵەتێکی ئەبستراکتی لە خۆ گرتووە پێکهاتووە لە هێڵە گەشاوەکان و ڕەنگە جیاوازەکان، ئەمەش خەسڵەتێکی ئیمرێشێنزمەکان بوو لە شیکردنەوەی ڕەنگەکان. بە هۆی چڕی هێڵەکان لە پێکهاتە و جووڵە، هەروەها ڕووناکی و قوڵایی وایکردووە وەکو وەهمایەک یاخود خەیاڵی دەربکەوێت دیگاس لە ڕەنگی زەیتی بەهەمان شێوەی پاستیل بە هێزی لە هێڵ و ڕەنگی زیندووی بەکاردەهێنا، جگە لەمەش تەکنیکی چاپکردن و پەیکەری برۆنزی کردووە، لە تابلۆکانی دیگاس تەکنیکی (مۆنۆتایپیMonotype) بەکارهێنا کە تەکنیکێکە لە سەدەی حەڤدەوە ناسراوە. دیگاس تەکنیکی جۆراوجۆری تاقیدەکردەوە لەوانە پاستیلی تێکەڵ دەکرد و لەگەڵ جۆرێک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (2) دیگاس، سەماکەری بالێ: ١٨٣٠

((لە شلەی ڕەنگ تاوای لێدەهات شێوەی هەویرێکی وەردەگرت. وێنەی دەکێشا لەگەڵ ڕەژوو لەگەڵ ئەمەشدا بەکارهێنانی چەند چینێك لە پاستیل بۆ داپۆشینی بە شێکی تابلۆکە. پاستیل و نەوتی تێکەڵ دەکرد لە یەك کاتدا ئەو تێکەڵەی لە تابلۆکانی دەدا، وێنەی دەموچاوی دەکێشا بە چینێکی وەك فەخوری لە مەرەکەب لە دوایدا لابردنی مەرەکەبەکە بۆ دەستکەوتنی جیاوازی ڕەنگ و چینەکان لەگەڵ وێنە ڕاستیەکە)) ، بۆیە دیگاس کاری لەسەر خێرایی کارکردن و ڕەنگەکان دەکرد لەسەر یەکتر زۆر جاریش ڕەنگی ئاوی لەگەڵ gouacheی بەکاردەهێنا بۆ نەرمکردنەوەی چینەکانی دەموچاوی تابلۆکان، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پاستیلی تەڕ و ووشك لە تابلۆدا. هونەرمەندی فەرەنسی (ئۆگست رینوار Pierre-Auguste-Renoir ١٨٤١-١٩١٩) بەیەکێک لە هونەرمەندانی ئیمپرێشێنزم دادەنرێت. رینوار کاری لەسەر ڕووناکی تیشك دەکرد ئەو تیشکەی کەوا (( لە جەستەیان دەدا و درێژ دەبێتەوە بۆ قوڵایی ناخیان، لە تابلۆکانیدا تێکەڵکێشی نێوان ڕەنگە ڕوونەکان و لەگەڵ ڕەقی جەستە. پۆرترێتەکان لای ڕینوار گەشبین بوون هەستێکی بە تابلۆکانی دەدا پڕ لە ئیشقی ژیان . یەکێك ئارەزووی ناسینی کۆمەڵگای پاریسی کردبا لە ژێر دەسەڵاتی ناپلیۆمی سێیەم یان ناسینی ئەو جل و بەرگەی کە

خەڵک لە بەریان دەکرد یان خەریکی چی بوون ڕۆژانە دەیانتوانی سەیری تابلۆکانی رینواربکەن)) (سەعید، 2011: 29).

هەروەها رینوار تەکنیکی فڵچەی شکاوی بەکاردەهێنا ناوبانگی دەرکردبوو بە وێنەکێشانی کچان و منداڵان و ئافرەتان لە چینی ناوەندی کۆمەڵگای فەرەنسی لە سەر ڕووبەری تابلۆکانیدا، لە جیاتی تێکەڵکردنی ڕەنگەکان بە بچووکی چەندین ڕەنگی لە پاڵ یەکتر دەکرد و توانای بە چاو دەدا کەوا تێکەڵیان بکات، ئەمەش خەسڵەتێک بوو لە تەکنیکی ئیمرێشێنزمەکان، هەروەها بەکارهێنانی فرە ڕەنگی و ڕەنگی پاک و هەستی لەرینەوە بە کەش و هەوای تابلۆکە.



وێنەی (3) ئۆگیست رێنوار: سالی (١٨٤١-١٩١٩)، ٢٤ × ٢٤ سم
کچێکین گەنج بەکڵاوی پەرۆیەوە

**دووەم: مێژووی شێوە و جوانی ئافرەت لە تابلۆی کوردیدا**

هونەرمەندانی کورد لە مێژوودا کاری هونەری تابلۆییان کردووە، بەڵام بەپێی کەلتوور و ژینگەی هەر وڵات و یاخود هەر شارێک پێشکەوتن لە هونەر جیاوازە، لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە هۆی کێشە و گرفتی سیاسی بەردەوام، زاڵبوونی کەلتور و ئاین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەوەی هونەری تابلۆ کۆمەڵێک ئاستەنگی هەبێت و وەرگرتنی لەلایەن بینەرەوە درەنگ بێت، بە بەراورد بە دیمەنی سروشتی و هونەرەکانی تر.

زۆربەی هونەرمەندانی کورد ئەزموونی تابلۆیان کردووە، بۆیە توێژەر ئاماژە بە بەشێک لە هونەرمەندان دەکات، بەهۆی کەمی بەڵگە و نووسین لەسەر مێژووی هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕێگەی بەشێک لەنووسراو دەتوانین کارەکانیان بخەینەروو لە ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا بە هەمان شێوە لە هەولێر ((دانیاڵ قەساب ،ئەسکەندەر عوسمان جامباز، تاهیر پیرداود، محەمەد مەولود، حوسێن عە بدوڵلا، کەریم دیار. لە سلێمانیش کارەکانی محە مە د کاکە محە مە د، مە حمود عە لی کاکی، شیرزاد مەحمود شە وقی، سەردار زوهدی)) کارەکانیان زیاتر تێکەڵ بە سروشت و ژیانی ڕۆژانی گوند کردووە بە شێوازی ڕیالیزم. (تاهیر، 2014: 38).

دانیاڵ قەساب ، بە دامەزرێنەری هونەری شێوەکاری مۆدێرن لە کوردستان دادەنرێت. لە هەولێر لە دایک بووە، لە خێزانێکی جوولەکە بووە. (( لە ساڵانی(١٩٢٠-١٩٥٠) سلێمان شاکر دەڵێت: ئەوکاتەیماڵی دانیال بووە کۆڕی ڕۆشنبیران و پیاوماقووڵانی هونەر دۆست کە ڕەسمی پۆرترێتی هەندێکیانی کردووە)، لە خێزانێکی هونەر دۆست بووە، توانیوویەتی داهێنان لە ڕەنگ و تەکنیکی و کەرەستەی جیاواز بەکاربهێنێت و دوورکەوتنەوە لە خامەو خەڵووز)) پیربال: فەرهاد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل100 بۆ نموونە کارەکانی دانیاڵ قەساب دەبینین کە گوزارشت دەکات لە سروشت و ژیانی ناو گوندی کوردستان هەروەک و لەوێنەکەدا دیارە کا چەند ئافرەتێکی تێدا دەبینرێت کە ئافرەت رۆڵێکی گرینگ لە خۆ دەبینی لە دێیەکاندا. وەک وێنەی (دا دیا وێنەی (٤)

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی (4) هونەرمەند دانیال قەساب لەسالی ١٩٣٠- پێوانەی کارەکەی

هەروەک لە لەکارەکانیان دانیاڵ قەساب ،ئەسکەندەر جامباز دەبینرێت لە پەنجاکان ئاستی هونەرمەندان بەرەو پێشچوون بەخۆوە دەبینێت و هونەرمەندان بەکارەکانیان بەژداری پێشانگا دەکەن، بۆیە تا ئێستا بەشێک لە کارەکان ماون، هەروەها هەندێکیان بە کامیرا وێنە گیراون (خەیات و قادر، 2005: 117). هونەرمەند ئەسکەندەر وێنەی دایکێکی کێشاوە کە منداڵەکەی لەسەر شانی بە کۆڵیەوەییە، هونەرمەند لەتابلۆکەدا ڕۆڵی دایک نیشان دەدات، کەوا کەلتور داب و نەریتی جل و بەرگی ئەوسەردەم نیشان دەدات کەوا دەست ڕەنگینی و لێهاتویی و ئافرەت لە نەخشاندنی جل و بەرگ و چنینی دەست دەردەخات هەروەها ڕێک و پێکی جلی کوردی نیشان دەدات، وەک وێنەی (٥)دا دەبینرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (٥)  ئە سکە ندە ر جامباز: ١٩٨٢

هونەرمەند  جەمال بەختیار *١٩٢٧-٢٠٢٠) لە سلێمانی لە دایک بووە، بە پێی ئەوەی هونەرمەند جەمال بە ختیار و خالید سەعید پێکەوە کاری هونەریان کردووەتابلۆ ی ئافرەتیان  کردوە بەدانانی ڕەنگ لە وێنەی (٦)دادەبینرێت. بانگراوندی کارەکە لە کاری هونەرمەند خالید سەعید نزیکە، بەمەش ئەوە دەردەخات کاریگەریان بەسەریەکەوە هەبووە لە کاتی کارکردنیاندا. هونەرمەند جەمال بەختیار لە ساڵی ((١٩٧٥) دەچێتە ئەمریکا لەوێ دەژی)) بەڵام لە ڕووی کارکردنیەوە ئەکادیمی ترە بە بەراورد بە کارە کۆنەکانی پێش چوونی بۆ ئەمریکا ،(قادر: 2008: 110).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی(٦)جەمال بەختیار

لە دهۆک قەدری حەیران، کەمال ملکی قادر کوردی و عوسمان محمەد خاڵ لە سلێمانی)). لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە جموجۆڵی هونەری زیاتر پەرەی سەند و زۆربەی هونەرمەندانی دوای ئەوان قوتابی ئەو هونەرمەندانە بوونە. ئەوەی لە ناویان کاری زۆری کردووە محمد عارف بووە، بەڵام تا ئەم قۆناغە بە ڕیالیزم کاریان کردووە. (محمد عارف* ١٩٣٧-٢٠٠٩ ) کارەکانی بە جلوبەرگی کوردی و کەلتوری ناسراوە ئەمەش گرینگی دانی هونەرمەندان پیشان دەدات بە کەلتورەوە. تەکنیکی ڕیالیزم دواتر بەرەو ئیمپرێشینزم دەبینرێت. کە یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی ((دەستەی پێشەنگی هونەری شێوەکاری کورد لە با شووری وڵاتماندا، کە بەردی بناغەی داهێنانی ستاتیکای کوردی لە بواری ڕەنگ و فۆرم و فیگەری دانا، هاوچەشنانی لە دەستەی پێشەنگ، جێگەیەکی گرنگ و شایستە لە مێژووی شێوەکاری کوردیدا گر دەدەن، دەستەی دووەمی شێوەکاران لە وانەوەو لە ئاستی ڕەهەندەکانی داهێنان و وردەکاری گوتاری جوان و دیدەی ئەوانەوە، نەخشی قۆناغێکی دیکەی هونەری شێوەکاری کوردی دادەڕێژن)) ، تەکنیکی ئیمپرێشینزم یەکێکی تربووە لەو تەکنیکانەی کەلەلایەن هونەرمەندان بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە(گارا، 2005: 98).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (٧) محمد عار کچی میروترێ رەشمیری (٢٠٠٨) ٦٠X٨٠ سم هەولێر

کە تێیدا گۆڕانکاریان کرد لە ڕووی شێوازی فڵچەو ڕەنگ هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگ و کەرستەی باشتر لەگەڵ ئەمەشدا پەیرەوکردنی لایەنی ئەکادیمی زیاتر وبەکارهێنانی ڕەنگی زیندوو لە تابلۆکانیاندا. لە ساڵانی حەفتاکاندا کۆمەڵێکی تر لە هونەرمەند دەردەکەوێت کە تایبەتمەندی لە پۆرترێتەکانیان دەردەکەوێت وەك ( لالە عەبدە، سمکۆ تۆفیق، دارا مەحەمەد عەلی) گۆڕانکاری لە تەکنیکی هونەرمەندان سەرەتا بە دەربڕینخوازی بووە، سیمبوول و کەلتوری کوردی و ئەفسانە بەشێکی تر بووە بۆ بەرەو پێشچوونی پۆرترێتو کاری هونەری لای هونەرمەندان. ((لالە عەبدە ١٩٤٧) لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتا تا ساڵانی هە شتا، بە ساڵانی ماوەی کارە شینەکانی ناوزەند دەکرێت، ئەو کارەهونەریانەی کەشە شینانەی هەڵگری گوتارێکی نەتەوەین لە کوشتارگە و قوربانی و شەهیدەکان)) ئەمەش وایکردووە کارەکانی تەکنیکی تایبەت لە خۆ بگرێت و دوور لە شێوازی ڕیالیزم. هونەرمەند لە بەشێک لە کارە هونەریەکانیدا بەکارهێنانی تەکنیکی وەرەقەی زێڕین دەبینرێت لە باکگراوند یاخود بەکارهێنانی لە ڕووخسارەکاندا، هەروەک چۆن لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژووشدا گۆستاڤ کلیمت ناسراوە بەو تەکنیکە. ڕەنگی ئاویش لای هونەرمەندانی کورد یەکێک بووە لە تەکنیکە بەرچاوەکانی هونەرمەندان لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا (سلیمان، 2005: 56).



وێنەی (٨) لالە عەبدە، ژنێک لە ئاڵتوون،٢٠١٢، ١ X١ سم

## ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە مێژوودا:

وەک پێویست گرنگی بەدەرخستن و نووسینەوەی ئەو ڕۆڵە درەوشاوەیە نەدراوە ، دەشێت هۆکار گەلێک لەپشتی کەم دەرکەوتنی رۆڵی ئافرەتان هەبێت ، لەوانەش قسەنەکردنی ئافرەتانی کورد و شاردنەوەی بەژداریەکانیان لە شۆرش و جەنگدا ، نەبوونی مێژوونووسی کورد لەسەردەمی قارەمانیەتی بەشێک لەو ئافرەتانە ، هەبووەلەگشت کایەکانیدا بەتایبەتی شۆرش وپێشمەرگایەتی دا هەربۆیە یەکێک لەوئافرەتە بوێروو لێهاتوو چاونەترس وهەم دایک هەم پەروەردەکەرێکی باش جگە لەوەی سەنگین و بوێر ی هەبوو دڵسۆزیش بووە ،دایکا (حەمایل خان )ناوی تەوای (حەمایل محمود ئاغا زێباری ) شان بەشانی برای پێشمەرگە کان وهاوسەری ئەزیزی کەوا جەنەرالی مەزن و خوا لێخوش بوو(مەلامستەفا)بووە کەدایکی سەرۆک بارزانی بوو بەناوی (مسعود مستەفا )بارزانی و کورەکانی هەمیشە چیاو شا خ ببوە مالی کورد سیاسەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێک لەکردەی رێکخستن وبەرێوەبردن وئاراستە کردنی ژیان ، ،(گوتنی پور رەحمەت -دیمانە سەفەر ژاژۆکی -رۆژنامەی خەبات -ژمارە-٣٨٦٥)سالی ٢٠١١ ، ینی ژمارەیەکی زۆریش لەئافرەتانی سەربەرێکخستنەکان بەشداریان لەخەباتی جەکداریداکردلەناو ئەم شۆرشەدا رۆلی کاریگەریان دەگێرا لەناوئەم ئافرەتانەدا دیارتریانیان (حلیمە سۆفی مەلا)کەبەشداری جەندین شەری کردوە لەدۆلی خانەقاو بێرمکە ووەرتی وبێتواتە لەسالی (١٩٨٣)دا بەهۆی ئازایەتیەوەناوی نرابوو(پڵنگی ڕەش)هەروەها (هێرۆاحمد) خێزانی سەرۆکی کۆماری عیراقي خوالێخۆشبو مام (جەلال تالەبانی)یەکێک بوە لەپێشمەرگە سەرەتایەکاندا کەبەکامیراکەی ڤید یۆی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی و شەرەکانی تۆماردەکرد وەکوئافرەتێک هەروەها کردەیەک نیە مرۆڤ لەساتێک دا ئەنجامی بدات وبوەستێت ، بەڵکو پرۆسەیەکی هەمیشەی بێ کۆتاییە ، ووتەکانی جەنابی سەروک بارزانی کەوا باس لەڕۆلی ئافرەت دەکات ڕۆلی ئافرەتی کورد قەت لەڕۆلی پیاوان کەمتر نیە ئەگەر هەندێک جار زیاتریریش نەبێت ، **- حەپسەخانی نەقیب:**

حەپسەخان کچی مەعرووفی بەرزنجی و نەوەی کاک ئەحمەدی شێخ و لە ساڵی ١٨٩١دا لە سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. مەعرووف بەرزنجی باوکی «نەقیب» بووە. ئەم پلەی نەقیبیەشی لەلایەن حکوومەتی عوسمانییەوە پێبەخشراوە بەو هۆیەوە کە نوێنەری سادات و شێخان بووە. ساڵی ١٩٢٣دا، کە سمکۆی شکاک هاتە سلێمانی و پێشوازیی لێ کرا، ژنانی سلێمانی بە کاریگەریی حەپسەخان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٣٠دا، یەکەمین کۆمەڵەی ژنان بە ناوی کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد بە سەرۆکایەتیی حەپسەخانی نەقیب دامەزراوە. حەپسەخانی عیرفانەفەنی - خێزانی جەمیل سائیب - سکرتێری بووە و بارەگای تایبەتیشیان هەبووە. بێگومان دروستکردنی کۆمەڵەیەک لەلایەن ژنێکەوە بۆ داکۆکیکردن لە ماف و داواکانی ژنان لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، نموونەیەکی کەم وێنەیە، تەنانەت لەو ڕۆژگارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا (وهبی، 2010: 178).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (9) حەپسە خانی نەقیب (1953-1891)

## 2- قەدەم خێر:

قەدەم خێر لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کورد و کوردستان پەروەر، لە ساڵی (١٨٨٩) دا، لە باکووری شاری (ئەندیمەشک) لەناو چیا سەرکەشەکانی لوڕستان لەدایک بوو. کچی میر (قەندی قەلاوەندی) یە، کە سەرکردەی ناسراوی هۆزی قەلاوەندی فەیلی بوو. قەدەم خێر تەنیا خوشکی (٩) برا بوو. کچێکی زیرەک و جوان و شۆخ و شەنگ و باڵا بەرز و بەژن رێک بوو . شووی بە میرزادەیەکی قەلاوەندی کرد.. ،بەشداری لە هەموو ئەو شەڕانەدا کرد، کە براکانیان لە دژی سوپای ئیران کردیان. ئازا و چاونەترس و نیشان شکێنێکی لێهاتوو بوو،سوپاکەی رووبەڕووی بەرگری و شەڕێکی سەخت بۆوە. شۆرشگێڕانی لوڕستان بە سەرکردایەتی میر (شامراد خان) جوامێرانە بەرگرییان لە ناوچەکەیان کرد و زەبر و زیانێکی زۆریان لە سوپاکەی ئێران گەیاند. ، لە بەرزاییەکانی (گاوازین) دا، فرۆفێڵیان لێیان کرد و شەهید بوون. قەدەم خێر بە کوشتنی نامەردانەی دوو براکەی و هاوژینەکەی زۆر تووڕە و رق ئەستوور بوو. ئەم نامەردی و ناهەقییەی شای پێ قبووڵ نەکرا. شوێنی شامراد

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خانی برای گرتەوە و بڵێسەی شۆڕشی گەشتر کرد و ئاڵای بەرگری لە لورستان بەرزکردەوە و درێژەی بە خەبات و شۆڕش دا. بەڵێنی دا کە زۆرداری و ژێردەستی و مل کەچی قبووڵ نەکات و نەهێڵێت وڵاتەکەی ببێت بە پارووەیەکی ئاسان و شای ئێران قووتی بدات. لە ماوەیەکی کەمدا توانی هێزێکی باش لە فەیلییەکان پێکبهێنێت. جاڕی راپەڕین و شۆڕشی دا. خۆشی بوو بە سەرکردەی شۆڕشەکە. بارەگای شۆڕشەکە لە (پشتکۆ ) لە شاخەکانی زاگرۆس لە ناوچەی لورستان بوو. ویستی سەربەخۆیی لورستان رابکەیەنێت (لە ژنە شۆڕشگێڕەکانی کورد (قەدەم خێر).




وێنەی (10) قەدەم خێر

### 3- خانزادی میری سۆران:

خانزاد"ی میری سۆران یەکێکە لە ژنە ناسراوەکانی دیرۆکی نەتەوەکەمان، لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی 16ی زایینی لەدایکبووە و لە کۆتایی هەمان سەدە و لە ساڵی 1597 ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. دوای ئەوەی میر سولەیمان بەگی برای خانزاد لە ساڵی 1590 بە پیلانێکی سەرفەرماندار "لەشکری" لە رێگای بەغدا لەنێو براوە، خانزادە خاتوون بۆخۆی فەرمانڕەوایەتی میرنشنی سۆرانی وەئەستۆ گرتووە و کاروباری میرنشینەکەی راپەڕاندووە. خانزادە خان لەماوەی حەوت ساڵی دەسەڵاتیدا تا کۆچی دوایی لە ساڵی 1597دا چەندین قەڵا و خوێندگا و مزگەوت لەسەر فەرمان و بڕیاری ئەو دروستکراون، کە تا ئێستاش شوێنەواری

بەشێکیان ماون؛ دیارترینیان گەلی خانزاد، کۆنە دیوار و وێنەکەی چیای هەریر، قوڵغە سوپاییەکان لە ناوچەی هەریر و قەڵای خانزادە لەنێوان پیرمام و شاری هەولێردا (خانزادی میری سۆران – History Of Kurdistan).




وێنەی (11) خانزدای میری سۆران

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی سێەم: شیکردنەوەی تابلۆکان

هونەرمەند: نەبەز بابان

ناونیشانی تابلۆ: دڵەڕاوکێ بە ئاگابوونەوە

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٢٢

پێوانەی تابلۆ: ٦٠X ٨٠ سم

مادەی بەکارهاتوو: ڕەنگی ئەکریلیک لەسەر کانڤاس

شوێن: سلێمانی

لە ئەرشیفی هونەرمەند



وێنەی (12)

هونەرمەند تابلۆی ئافرەتێکی کێشاوە، لەسەر رووبەرێکی نیمچە چوارگۆشە و دابەش کردنی تابلۆکە لە سەر بنەمای تاریک و ڕووناکی بە هێز، هەروەها هارمۆنیەکی ڕەنگی سپی و ڕەش کە ڕووناکی بەشی ناوەڕاستی تابلۆکەی گرتۆتەوە، لەگەڵ ڕەنگی سۆرێکی زەق و ڕەنگی شین و ڕەنگی زەردی ئۆکەری و لیمۆیی تێکەڵ کردووە، هونەرمەند نەبەز بابان دارشتنی شێوەی ئافرەتەکە لەپشت باگراوندێکی شێوەی سەلیبی بەکارهێناوە، وە چەند ووشەو پیتێکیشی بەکار هێناوە باگراوندی تابلۆکەش بە ڕەنگێکی شیری پڕکردۆتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەند شێوازی (واقعی) ئێستای ڕەمزی بەکارهێناوە بەهۆی بەکارهێنانی شێوەی ئافرەت و ووشەی جۆراوجۆر لەچواردەوری ئافرەتەکەدا، بە تەکنیکی جۆراو جۆر بەکارهێنانی ڕەنگی ئەکریلیک بەشێوەیەکی خەست و ڕووشاندنی ڕەنگەکان هاوشێوەی تەکنیکی ئیمپاستۆ کە هونەرمەند ڤان کوخ لە کۆندا بەکاری دەهێنا، هونەرمەند وەکو سەرەتایەک (gesso) ی بەکارهێناوە کە بریتیە لە تێکەڵەیەک لە ڕەنگی سپی کە شێوەی تابلۆکە بە جۆرێک ئامادەدەبێت بۆ وەرگرتنی ڕەنگی ئەکریلیک بە شێوەیەکی ڕون، تەکنیکی (گێسۆ) زۆربەی هونەرمەندان لە کاری ئەبستراکت بەکاری دەهێنین، بەتایبەتی هونەرمەندان وەکو تێکەڵکردنی تەکنیک و مەتریالەکان لەسەر ڕووبەری تابلۆکە و دەبێتە هۆی بارز بوونی ڕەنگەکان و بەهێزی لە خەستی ڕەنگەکان دەربخات.

ئەمەش لە دەرەنجامی کارەساتی کچانی ئێزیدی بە ڕێژەیەکی زۆر بوونەتە قوربانی لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە هەر بۆیە لە تابلۆکەیدا هەست بە شڵەژانی نارێکی باری دەروونی و نامۆی دەکرێت. هونەرمەند توانیویەتی گونجاندنێک لە نێوان تەکنیک و بابەتی تابلۆی ئافرەتەکەدا بکات، ئەو ڕۆح و هەستە بەتابلۆکە ببەخشێت دەبێتە هۆی دەرخەری ئازارو نەهامەتی کچەکە.

هونەرمەند پەنای برۆتە سەر ووشە، کە هەڵبەت تێکست ووشەکانی سەر تابلۆکە ئاماژەی زۆر لە خۆ دەگرێت، بەشێکی تێکستەکە وەک شێوازی کالۆگرافی بەشێکی ئاماژەیە بە جوگرافیاو شوێن، واتا بابەتێکی لۆکاڵ دەخاتە ڕوو، تێکست لەم کارەدا ڕەخنە ئامێزە وەک بابەتی ئایینی و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، وە تێکەڵەیەک هەیە لە نێوان پیتی عەرەبی و پیتی عیبری ئەگەر تێبینی بکەین پیتی عربی پیتە عبرییەکان ڕوو پۆش دەکەن، واتا بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئافرەت لەجیهان بەگشتی و لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی ڕووبەڕووی توندوو تیژی بوونەتەوە، تێکست بە ڕەنگی ڕەش دەلالەت لە حیبری وبۆیە ئەکەن کە دروستکراوی خودی مرۆڤە، ڕەنگی سۆر لە ڕەهەندەکانی مێژوو باس دەکات وەکو دووبارەبوونەوەی کوشتن و توند و تیژی بەرامبەر بە ئافرەت جگە لە بەکاربردنی ڕەنگی سوور

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک بزوێنەرێک بۆ دروستکردنی جووڵە لە ناو کارەکە، بەڵام ڕەنگی شین دەلالەتە بۆ ئاسمان وبابەتە پیرۆزەکان لە خۆ دەگرێت.

هونەرمەند ڕەنگی زەردی بەکارهێناوە تاوەکو تابلۆکە هەندێک ڕووی گەشبینیشی پێوەدیاربێت، کە ڕەنگی زەرد گوزارشت لەخۆشی و شادی خەیاڵ و گرینگی دان دەکات، هونەرمەندیش وەک گرینگی دانێک بە تابلۆی ئافرەتەکەی ڕەنگی زەردی بەکار هێناوە، وەک و بەلانسێک بۆ تابلۆکە.



هونەرمەند: خەیری ئادەم

ناونیشانی تابلۆ: بەهار

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠٢٢

پێوانەی تابلۆ: ١٠٥X ١١٠ سم

مادەی بەکارهاتوو: ڕەنگی زەیتی لەسەر کانڤاس

شوێن: دهۆک

لە ئەرشیفی هونەرمەند

وێنەی (13)

شیکردنەوە

هونەرمەند وێنەی ئافرەتێک و دوو منداڵ کەیەکیان کچە و یەکیشان کورە، کە باگراوندەکە پێک دێت لەسروشتێکی جوانی کوردستان، لە نێو هارمۆنیەکی ڕەنگی سەوزی تۆخ دا کە لەبەشی سەرەوەی تابلۆکەی بەکارهێناوە بەشی ناوەڕاستی تابلۆکە وێنەی ئافرەتەکەو دوومنداڵەکەی کێشاوە بەشی خوارەوەی ڕەنگێکی سەوزی گیایی و گوڵە نیسانی کێشاوە، ڕەنگی تاریکی و ڕووناکی بەهێز لە وێنەکەدا بەدیدەکرێت، هەست بە توانای ڕەنگ و پلەکانی دەکرێت، لە نێوان ڕەنگە سارد و گەرمەکاندا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەشکردنیان لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی، مامەڵەکردنی هونەرمەند لەگەڵ ماددەی بەکارهاتوو بە شێوەیی شارەزاییەکی تەواوە کە ڕەنگی زەیتیە، ئەمەش بەهۆی تەکنیکی لە فڵچەی کە بەشێوەیەکی گونجاو دەبینرێت، لەگەڵ فیگەرەکان کە هەموو جۆرە نەرمی و هەستەکانیان لە دەموچاویان بەرجەستە دەکرێت، هونەرمەند بە شێوەیەکی ئازادانە مامەڵەی لەگەڵ فڵچەی بەکارهاتوو کردووە.

بەشی خوارەوەی تابلۆکە بەڕەنگی سەوزی گیایی بەکار هێناوە لەگەڵ ڕەنگی قاوەی و خاکی، لەناو گیایە سەوزەکاندا گوڵی نیسانی بەهارە کێشاوە کە ئەمەش مانای نوێبوونەوە و بوژاناوە دێت بۆ سەرەتایی وەرزی بەهار و کۆتایی هاتن بە سەرما و سۆڵی زستان، جوانیەکی بێوێنە و سەرنج ڕاکێش دەدات بە سروشتی جوانی کوردستان، کە بەشی چەپی پێک دێت لەمناڵێکی کوڕ کە لەدەستی سەبەتەیەکی گوڵی نیسانی کۆکراوەی لەدەستدایەبەرەولای دایکی دەڕوات، ئەمەش زیرەکی هونەرمەند دەنوێنێت لەگەڵ بەکارهێنانی جۆری ڕەنگەکان و ڕەنگی گەش و زیندوو، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کەوا منداڵەکە لەڕووی پەروەردەییەوە، پەروەردەییەکی جوان و ڕێز و خۆشەویستی بۆ دایکی نیشان دەدات، لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا وێنەی دایک و کچەکە نیشان دەدات، کە دایکەکە تاجە گوڵینەی وەرزی بەهاری چنیوە دەیخاتە سەر کچە بچکۆلانەکەی کە جلێکی کوردی شینی لەبەردایە لەگەڵ ملوانکەیەکەی مگلادێکی کوردەواری لەمل دایە، جوانی منداڵەکە لەوەدایە کەوەک شازادەیەکی بچوک بۆدایکی نیشان دەدات.

هونەرمەند وێنەی ئافرەتەکەی بە ڕەنگێکی سارد و گەرم کێشاوە کە کۆنتارستێکی جوانی بەخشیوە بە جل و بەرگە کوردەوارییەکە کە ڕەنگەکانی مۆر و پرتەقاڵی و سەوزی بەکارهێناوە، کە کراسەکە ڕەنگی مۆرە و بە گوڵی سپی نەخشێنراوە، ملوانکەیەکی موروی ڕەنگاو ڕەنگی لەملی نەخشاندووە. لەچکەکەی کەلەسەری ئاڵاوە بە ڕەنگێکی گەرمی پرتەقاڵی کێشاوە کە چەند نەخشێکی گوڵی لەسەر کێشاوە، لێرەدا هونەرمەند کە ڕۆڵی پیرۆزی دایک نیشان دەدات ، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش خۆشبەختی خێزان نیشان دەدات، لە پشت هەرخێزانێکی خۆشبەخت دایکێکی دڵسۆز و میهرەبان قوربانی دەر ماندووهەیە .

هونەرمەند:توانا مەرجان

ناونیشانی تابلۆ: ئاوێنە

ساڵی بەدیهێنان: ٢٠١٤

پێوانەی تابلۆ: ٧٠ X٥٠ سم

مادەی بەکارهاتوو: ڕەنگی زەیتی لەسەر کانڤاس

شوێن:لای خۆی

شیکردنەوە

وێنەی (14)



Mirror 2014 Oil on Canvas 70 x 50 cm Artist's Studio

هونەرمەند تابلۆیەکی کێشاوە کەوا وێنەی دووئافرەتی کردووە، لە نێو باکگراوندێکی ئەبستراکت ڕەنگی کەسک زۆر بەکار هاتوە لەگەل ڕەنگی شین بۆ ستونی ئاسن و نێو پەنجەرەکە دانراوە لەگەل ڕەنگی شینێکی کاڵ بۆ دوومەرکانەکان ئەوەی ناوەراستی ڕەنگی کەسکە لەگەل پەلکی گەلەکان کەسکن کەلەنێو دەلاقەیەکی کۆنی نێو مالەکاندا هەبو هەم بۆ جوانی هەم بۆ ڕووناک کردنی ناوماڵ بەکاردەهات ، هەروەها لە ڕێگەی کارە هونەرییەکەوە جوانی ئافرەت و کەلتوری کوردی پیشان دەدات، لەگەڵ ئەمەشدا بەرمالێک هەیە کەوا لەسەر دانیشت ون بە ئەزموونی هێڵ ی بەهێز لەشێوەی ئەندازەی ڕەنگی پەتقالی ومۆرداله ڕەنگ و فڵچە دەبینرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەست و دەروونی هونەرمەند. جۆری دانانی فڵچەی باکگراوند دەکەوێتە نێو هونەری گرافیتی، هەروەها لە دانانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فلچەبە شێوەی چوارگۆشەی بچووک دەبینرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تەکنیکی ئەبستراکت بۆ ئەو ناوچانەی ڕووشاندنی ڕەنگی لێدەکرێت هونەمەند بابەتی تابلۆکەی لەسەر ئاوێنە کردووە بە هۆکاری ئەوەی ڕەمزێکی دیاری نێو کوردە ولەلای ئافرەتی کوردا کاتێک بۆ خۆ جونکردن بەکاریان دەهێنن ڕەنگی ئاوێنەکە ڕەنگی سوور کروە ، هەروەکو لە ملوانەکەی ئافرەتەکە و ڕەنگی کەسکەوچاوی یەکێک لەئافرەتەکە دا هەیە لەگەل دەست بەندەکی مرواری ڕەنگاو ڕەنگ وجوان جلەکەی کەسک و زەردو ڕەش بەشێوەیەکی ئەندازەی وبازنەی نەخشاوە . هەروەها وێنەی ئەو ئافرەتەی کەبەرامبەر ئاوێنەکە دیارکەوتوە کراسێکی ڕەنگی پەمەی لەبەردایە کەبەنەخشی گوڵ نەخشنراوە بەڕەنگی پەمەی وەرەنگی ئۆکەری لەسێبەرەکەی بەڕەنگی مۆری تۆخ دا نراوە لەگەڵ ڕەنگی کەواکەی جیادەکاتەوە کەئەویش پەمەیە پشتێنێکی بەڕەنگی ئاڵتونی لەبەر دایە کەشێوەی بازنەبازنەیە ملوانکەیەکی بەڕەنگی مۆری سپی مرواری لەبەردایە لەبەشی خوارەوەی بەردێکی گوێجکە ماسی دەریای پێوەیە ، ڕەنگ لە تابلۆکەدا بە شێوەیەکی درەوشاوە و زیندوو دەبینرێت جلوبەرگە کە بۆتە ڕەمزێکی ژیانەوە گەشبینی ئافرەتەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی تەکنیکی جۆراوجۆر کە چۆن نەرمی و هێڵی ڕەق لەگەڵ تاریکی و ڕووناکی تاقی دەکرێتەوە لە تابلۆیەکدا و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها ئارەزووکردنی هونەرمەند لە تێکەڵکردنی شێوەی ئەندازەی لە تابلۆکەدا و ڕەنگدانەوەی ڕەنگەکان لەسەر یەکتر و هارمۆنی ڕەنگەکان لەسەر بەشەکانی تابلۆکەدا، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگی زەیتی بەکارهێناوە، توانیویەتی نەرمی کارەکەی لە هەمان کاتدا ڕەنگی سۆفتی تابلۆکە و تاریکی ڕووناکیەکان لەگەڵ ڕەنگی قژی بە گەشی بهێڵتەوە. هونەرمەند باکگراوندەکەی تێکەڵ بە کارەکەکردووە، بەڵام هونەرمەند توانیویەتی کەلتوری کوردی و تایبەتمەندی خۆی لە ڕەنگ و تەکنیک بەرجەستە بکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتم بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. هونەرمەندان لە تابلۆکانیاندا وێنەی ئافرەتانیان بە شێوەیەکی زۆر جوان ڕۆڵ و هونەری نیشانداوە. واتە: کارەکانیان لە ڕووی رۆڵ و هونەرەوە لە ئاستێکی بەرز بووە، بەتایبەت لە پیشاندانی وێنەی ئافرەتان .
2. لەناو کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کوردستاندا، تایبەتمەندی و تواناکانی ئافرەتیان بە تەواوی نیشاندراوە، ئەمەش وایکردووە تابلۆکان زۆر جوان و پڕ واتان دەربکەون، هونەرمەندان توانا و خەسڵەتە هونەرییەکانی رۆلی ئافرەتیان لە تابلۆکاندا پیشانداوە، ئەمەش وایکردووە تابلۆکان زۆر جوان و سەرنجراکێش بن.
3. لە تابلۆی ژمارە (1)دا، هونەرمەند نەبەز بابان بە بۆیەی ئەکرلیك (acrylic) وێنەی ئافرەتێکی کێشاوە. جگە لە وێنەی ئافرەتەکە، چەند وێنە و نیشانەی تریشی لە تەنیشتدا کێشاوە کە بە فلچە و وردەکاری زۆر کاری لەسەر کردووە. نەبەز بابان بە شێوازێکی نوێی دەربڕین و بە ڕەنگی چڕ کارەکەی تەواو کردووە. مەبەستی هونەرمەند لەم تابلۆیە نیشاندانی جوانی ئافرەت و لە هەمان کاتدا ئاماژەکردن بووە بە ناخۆشی و ئازارەکانی کچان و ئافرەتانی ئێزیدی. (واتە: لە وێنەی یەکەمدا، نەبەز بابان ئافرەتێکی کێشاوە بە بۆیەی ئەکرلیك. لە تەنیشتی چەند شتێکی تری کێشاوە بە وردی و جوانی. بە شێوازێکی تازە و ڕەنگی زۆر کێشاویەتی. دەیەوێت رۆلی ئافرەت نیشان بدات و لە هەمان کاتدا باس لە خەم و ئازارەکانی ئافرەتان و کچی ئێزیدی بکات.

## سەرچاوەکان:

تاهیر، شێرکۆ ئەکرەم، (2016)، وێنەی ئافرەت لە تابلۆکانی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان - عێراق، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

خەیات، ئیسماعیل و قادر، نامیق عەلی، (2005)، شێوەکارانی کوردستانی باشوور، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە زنجیرە (370)، سلێمانی.

ڕێد، هێربرت، (2007)، مانای هونەر، وەرگێرانی سەربەست خەسرۆ عارف، دەزگای چاپی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، چاپی یەکەم.

سلێمان، حسن، (2005)، سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری، وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی نەژاد عەزیز سورمێ، چاپی دووەم.
سەعید، بەختیار، (2011)، ژنانی شێوەکار لە باشووری کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان ژمارە (55)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەواو، کوردستان - سلێمانی.
عومر ، ئاسۆ (٢٠٠٩): بەها ئیستاتیکییەکانی شیع، چاپخانەی خانی، دهۆک.
عید، کمال (١٩٨٠): مجالیات الفنون، الموسوعه الصغریه، دار النشر اجلاحف، بغداد.
قادر، فەیسەڵ عوسمان، (2008)، شێوەکارانی هەولێر2، چاپخانەی رۆشنبیری - هەولێر.
گارا، (2005)، هونەری شێوەکاری مۆدێرن - لە فرانچیسکا گۆیا تا سوریالیزم، پێشەکی و پێداچوونەوەی، د. موحسین ئەحمەد عومەر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، کوردستان هەولێر.
مطر، امیرة حلمي، (1998)، فلسفة الجمال اعلامها ومذاهبها، دار قباء للطباعة والنشر، القاهرة.
ئەحمەدی، بابەك (٢٠٠٨). هەقیقەت و جوانی- وانەکانی فەلسەفەی هونەر، و: مەسعوود بابایی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- چاپخانەی خانی، دهۆك

---

# The Role of Women and Their Form in Contemporary Kurdish Tablets

**Bahar Anwar Haydar**
Department of Visual Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: hansksherwani1@gmail.com

**Prof. Dr. Zedan Rashid Bradosti**
Department of Archaeology, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Zidan.bradosty@parl.krd

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## Abstract:

This research is entitled "The role of women and their form in contemporary Kurdish tablets" This work aims to showcase the talent of Kurdish artists, not to mention the beauty of women. To carry out this research, you have interpreted and analyzed the tablets of Kurdish artists. As he researched how to relate the subjects of these tablets to women and art, he became familiar with the walls of women and how they were depicted in the.

At the end of this study, I reached the following conclusions:

1. Artists depicted women in their paintings in a very beautiful and artistic way. This means that their works have a high level of beauty and art, especially in representing women.
2. In the artworks of the artists of Kurdistan, the feminine characteristics and capabilities are fully displayed, making the paintings look very beautiful and full of meaning, and the artists showcased the artistic abilities and characteristics of women in the paintings, making them very beautiful and appealing.
3. In painting number 1, the artist Nabaz Baban paints a portrait of a woman using acrylic paint. In addition to the woman's portrait, she has also painted several other paintings and drawings beside it, which she worked on with a lot of brushwork and details. Nabaz Baban completed the work in a new form of expression and with intense colors. The aim of this painting is to showcase the beauty of women while at the same time highlighting the suffering and difficulties of Yezidi girls and women. (In the first image, Nabaz Baban paints a woman using acrylic paint. She has depicted her with precision and beauty, alongside other things. She painted her in a new way and with many colors. She aims to demonstrate the beauty of women while also addressing the sorrows and suffering of Yezidi women and girls.


***Keywords:*** *role, shape, woman, drawing, conversation.*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور المرأة وشكلها في اللوحات الكردية الحديثة

**الملخص:**

هذا البحث بعنوان "دور المرأة وشكلها في اللوحات الكردية الحديثة". يهدف هذا العمل إلى إبراز قدرة الفنانين الأكراد، لا سيما في إبراز جمال المرأة. لإجراء هذا البحث، قمتُ بتفسير وتحليل لوحات الفنانين الأكراد. كما بحثتُ في كيفية ارتباط موضوعات هذه اللوحات بالمرأة والفن، وتعرّفتُ على أدوار المرأة وكيفية تصويرها في اللوحات.

في نهاية هذه الدراسة، توصلت إلى الاستنتاجات التالية:

1. قام الفنانون بتصوير النساء في لوحاتهم بطريقة جميلة وفنية جداً. وهذا يعني أن أعمالهم تتمتع بمستوى عالٍ من حيث الجمال والفن، وخاصة في تمثيل النساء.

2. في الأعمال الفنية لفناني كردستان، تُظهر الخصائص والقدرات النسائية بشكل كامل، مما يجعل اللوحات تبدو جميلة جداً ومليئة بالمعنى، وقد أظهر الفنانون القدرات الفنية وخصائص النساء في اللوحات، مما يجعلها جميلة وجذابة جداً.

3. في اللوحة رقم 1، ترسم الفنانة نباز بابان بورتريه لامرأة باستخدام الطلاء الأكريليكي. بالإضافة إلى بورتريه المرأة، قامت أيضًا برسم عدة لوحات ورسومات أخرى بجانبها، والتي عملت عليها بالكثير من الفرشاة والتفاصيل. أكملت نباز بابان العمل بشكل جديد من التعبير وألوان كثيفة. الهدف من هذه اللوحة هو إظهار جمال المرأة وفي نفس الوقت الإشارة إلى معاناة وصعوبات الفتيات والنساء الإيزيديات. (في الصورة الأولى، ترسم نباز بابان امرأة باستخدام الطلاء الأكريليكي. لقد رسمتها بدقة وجمال، بجانب أشياء أخرى. لقد رسمتها بطريقة جديدة وبألوان عديدة. إنها ترغب في إظهار جمال النساء وفي نفس الوقت التحدث عن الأحزان والمعاناة للنساء والفتيات الإيزيديات.

**الكلمات المفتاحية**: الدور، الشكل، المرأة، الرسم، الحديث.